

کەژال عەلی

## کەندڕی عەقل

کات ماندووە

تەمەن فریای گێڕانەوەی متمانەیەکی تر ناکەوێ .

لەخەیاڵی ئیوارەدا

مانگ ئەستووکە هەواڵێکی نەبرژاوە،

لەبەرەبەیانی تریفەوە متمانە

ئەم دەستاو دەستی پێدەکا.

نیشتمان هیلاکە

درەخت لەنەشتەرگەرییە

گوڵ بەعیشووە خوێن دەنوێنێ

گەڵا لەبەر هەیوانی پاییز

لەسەر لەتە حەسیری باخ لێی کەوتووە.

لەدووری ئاوایی

لێم دیارە

ئایندە بەسواری سپێدەیەکی زینەوە

بەرەو مەنزڵ دەبێتەوە..

کەچی ماخۆ بەعەقلی گەلابە بیر دەکاتەوە

بە زمانی شۆفڵ کوردایەتی دەئاخڤێ.

لەنزیك ئاوایی

نیشتمان پێکراوە

مانا خانەگومان

خیانەت لەبنەبانی مێژوو

لەسەر لەتە گونێك

خەریکی تاوڵەی زمان و دۆمینەی مەردایەتییە.

کەژال عەلی